# یەکدەنگیی

ئەمجەد شاکەلی

باشووری کوردستان، تەنێ بۆ ماوەی چوار ساڵێک، یەک حوکوومەتی بە خۆیەوە بینی. هەرچەندە ئەو حوکوومەتەش نیوە بە نیوە بوو و لە سەری سەرەوە تا دەهاتە بچووکترین کارمەندی خوارەوەی پلیکانەی کارگێڕیی، لە نێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا، 50 بە 50 کرابوون بە دوو لەتەوە. لە 1994ەوە و تا ئێستا، دوو حوکوومەت و یەک پەرلەمان، فەرمانڕەوای باشووری کوردستانن. لە قوتووی هیچ عەتارێکدا، شتی وا نابینرێتەوە، ئەمە تەنێ ئاوەزی سەرانی کورد، دەتوانێت تێبگات. هەر کە کورد بوو بە خاوەن پەرلەمان، بڕیاردرا، فیدرالی ببێتە دروشمی ڕێبەریەتیی سیاسیی کورد. دیارە نالێم دروشمی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستاندا، چونکە خواستی خەڵکی کورد، گەلێک لە فیدرالی مەزنترە و فیدرالی خۆدزینەوەیەکە، لە پێشاندانی خواستی ڕاستیی کورد. بەلاَم ئەو پرۆژەی فیدرالییە، کە پارتیی دیموکراتیی کوردستان، بلاَوی کردەوە و پاشان یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش ڕای لەسەر بوو، دەکرێ وەک بەراییەک بۆ گەیشتن بە هەموو ئامانجەکانی کورد سەیر بکرێت. سەرەتاییترین مەرجێک بۆ مسۆگەرکردنی ئەو فیدرالییەش، یەکدەنگیی سەرکردەیەتیی سیاسی کوردە. سەکردەیەتیی سیاسی کورد، هەر دەڵێی نە بای دیوە و نە باران، هەرچی کوردە لەم دنیایەدایە، هێندەیان هاوار کرد بۆ ئەوەی یەکگرن و ببنە یەک دەسەلاَت، گەروویان نووسا، کەچی ئەوان هەر بە خەیاڵیشیاندا نایەت. سەکردەیەتیی سیاسی کورد، دەبوو هەر پێش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و سەددام حوسەین، بە یەکخستنی هەردوو کارگێڕییەکەی هەولێر و سلێمانی، بهاتبایەتە مەیدانی سیاسەتی عیراقەوە و لەگەڵ عیراقییان و داگیرکارانی عیراقدا (ئەمەریکاییەکان) بە یەکدەنگ، یەکزمان، یەکبۆچوون و دیدی سیاسییەوە قسەی کردبا. دەبوو پێش وەرگرتنی جێگە لە ئەنجومەنی دەسەلاَتدا لە بەغدا، ماڵی خۆی قایم کردبا و بە یەکدەنگەوە بچووایەتە بەغدا. کورد زۆر لەمێژە گوتوویەتی:"ماڵی خۆت قایمکە و سەگی ماڵهاوسێ مەکە بە دز". ئەو دوودەنگیی و دووئاوازییەی خوێندنە، لە لایەن سەرانی کوردەوە، کارێکی وای کردووە، کە لە بەغدا و لە نێو ناکوردانی عیراق و حیزبە ناکوردییەکاندا، هەریەکەو بە جۆرێک، فیدرالی بخوێننەوە و تەنانەت تاکە یەک خوێندنەوەشیان، لەگەڵ ئەوەی کورددا، پێک نایەتەوە. ئەوان بە ئاوازێکی دیکەی دەخوێننەوە. ئەوان دەیانەوێت هەموو عیراق دەنگ بدات بۆ فیدرالی، ئەوان دەیانەوێت کوردستان و کورد، هەر بەشێک بن لە عیراق و هەرگیز و بە هیچ شێوەیەک سنووری کوردستان دیاری نەکرێت. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، ئەگەر ڕاست دەکات لەوەی، کە بەتەنگ کوردستان و نەتەوەی کوردەوەیە، دەبێ پێش هەر شتێک، کارگێڕییەکان بکاتە یەک، بۆ ئەوەی نەیارانی کوردستان و کورد، لە درزی دووکارگێڕی و

دووئاوازییەوە، دژە نەکەنە ژوورێ و دوای ئەوەش ڕێک و ڕەوان، سنووری کوردستان، وەک خۆی، واتە: تەواوی ئوستانەکانی، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکووک، مووسڵ، ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی لە ئوستانی دیالا و بەدرە و جەسسان لە ئوستانی کووت، بخرێنە نێو ئەو فیدرالییەوە و ئەگەر دەنگدانیشی لە سەر دەکرێت، ئەوا تەنێ لە کوردستاندا بکرێت، چونکە ئەگەر تەواوی عیراق دەنگی بۆ بدات، ئەوا هەرگیز جێبەجێ نابێت و ئەویش وەک هەموو خەونێکی خۆشی دیکەی کورد، شەوەیەکی ڕەزاگرانی دزێوی نەیارانی دەیتاسێنێت. سەکردەیەتیی سیاسی کورد، هیچ پێویست ناکات بە شەرمەوە و لە ژێر لێوەوە، خواستەکانی گەلی کورد بخاتەڕوو و با چیدی نەیگوڵمێنن و قسەلەڕوو بن و بە ئاشکرا بیڵێن. ئەگەر عیراقییان و دەسەڵاتدارانیانیش بەو مەرجانە قایل نابن، ئەوا با کورد، بوێرانە و ئازایانە، جاڕی جوێکردنەوەی ماڵی خۆی بدات و کوردستان و خەڵکەکەی لە کۆیلایەتیی ڕزگاربکات.

2003/9/22